وەزیری دەرەوە و باڵیۆزی ئەمریکا جەختدەکەنەوە لە گرنگی سەردانەکەی سەرۆك وەزیران بۆ واشنتۆن



ئەمڕۆ پێنجشەممە، جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە فوئاد حسێن و باڵیۆزی ئەمریکا ئێلینا ڕەمانسکی جەختیانکردەوە: لە گرنگی سەردانەکەی سەرۆك وەزیران محەمەد شیاع سودانی، بۆ واشنتۆن لە پێڕەدانی پەیوەندییەکان.

وەزارەتی دەرەوە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: فوئاد حسێن جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە ئەمڕۆ پێشوازی لە ئێلینا ڕەمانسکی باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق کرد.

ئاماژەی بەوشکرد: لە میانی دیدارەکەدا باس لە سەردانەکەی سەرۆك وەزیران محەمەد شیاع سودانی، بۆ واشنتۆن و ئەو گرنگییەی کە نوێنەرایەتی دەکات لە پێڕەدانی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئەمریکادا کرا.

هەردوولا ستایشی ئەو سەرکەوتنەیان کرد کە بە شاهیدی خولی دیدارەکانی نێوان نوێنەرانی هەردوو وڵات لە کۆرتە جیاجیاکاندا کە لە چوارچێوەی ستراتیژی بۆ هاوکارییەکانی نێوان بەغدا و واشنتۆن جێگیرکرابوون، کە هاوکات بوو لەگەڵ سەردانەکەی سەرۆك وەزیران لە مانگی ئابردووەدا.

هاوکات جەختیانکردەوە: لەسەر گرنگی بەدواداچوون بۆ دەرئەنجامەکانی سەردانەکە و کۆبوونەوەکانی لیژنەی باڵای هەماهەنگی نێوەکۆتنەکە (HCC)..

هەروەها باینزی ئەمریکا پێیامکی نووسراوی سەرخشی لەلایەن ئێنتێنی بلینکن وەزیری دەرەوەی ئەمریکاوە گێیاندە وەزیری دەرەوە، کە تێیدا پرسە و سەرخشی خێی بەبەنەی کچی دوایی هاوسەرکێی لەخگرتبوو.